www.kurdistannet.org
25-7-2006 16:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمجارەش بەهەڵدا چوو ئەو پێنج رۆژنامەنوسەحیزبیانەی خەڵات کرد لەپێناوی هیچدا... !!!؟؟ ڕەهەند ابراهیم

لە ژمارە (4018) دوالاپەرەی کوردستانی نوی ڕۆژی چوار شەممە ریکەوتی 2006/7/12 کە هەواڵێکم بەرچاو کەوت، نوسرابوو بەمانشێتی گەورە و دایان بەزاندبوو،' حکومەتی هەرێمی کوردستان پێنج رۆژنامەنووسی خەڵات کرد ' بەراستی یەکەم شت من دەست خۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، بەڵام دەبووحکومەتی هەرێم بەو هەڵە گەورەیەدا تێپەر نەبوایە کە لە سەر ئەساسێکی بی لایەن دوور لە حیزب حیزبێنەو حیزب سالاری، چونکە لەو نێوەندەدا ناوی هەندێك ڕۆژنامە هاتبوو لەوانە ' کوردستانی نوی، رۆژنامەی خەبات و، گوڵان و جەماوەرو میدیا '، هەر کە ئەم ناوانەم خوێندەوەیەکسەر زانیم ئەمانەکادری حیزبین و بۆ ئەوەی کە بەشانو باڵای حیزبەکەیاندا هەڵیانداوە بۆ ئەوە خەلا!َتی رێزلێنانیان وەرگرتووە نەك بۆ ئەوەی کە خزمەتی هونەری کوردیان کردوە، کەدوای چوومە ناوەرۆکی بابەتەکەوە نوسرابو ئەو رۆژنامەنوسانەی کە خزمەتی هونەری کوردییان کردووە و لەبوارەدا ماندو بوون، لەدڵی خۆمدا زۆرێك لەبرادەرانم وەبیر هاتەوە، کە حکومەتی هەرێم زۆر نەشارەزایانە ئەم خەڵاتانەی بەخشیوە و لەسەر ئەساسی حیزب حیزبێنەو بوە لەو خەیاڵەدا چەندین رۆژنامەو گۆڤارم وەبیر هاتنەوە کە ئەوانە گۆڤارەکانیان تایبەت بوو بە هونەر کەچی ناوی هیچ یەکێك لەو بەرێزانە بەرچاوم نەکەووت، کە سەیری ئەو رەسمەم کرد کە گرتوویانە جوان وورد بوومەوە دیتم یەکێکیان لەخۆشیدا بەسەرەو خواری خەڵاتی رێزلێنانەکەی گرتووە لەوانەیە ئەو برادەرە مێژژویەکی وەهای نەبێت بەڵام چونکە لە ناو حیزبدا کارداکات یەکسەر پلەو پایەی دەدەنی ئەمجارەش بەداخەوە دەبوو هەر بۆ چاوەزار یەکێك لەو رۆژنامە هونەریانەی تێدابوایە کە خزمەتی هونەردەکەن بۆ ئەوەی رۆژنامەنوسان ئەو خەڵات وەرگرتنە نەزانن لە سەر ئەساسی حیزبە نەك هونەری،چونکە هەریەکێك لەو رۆژنامەو گۆڤارانە زمان حاڵی حیزب! ێکەو بۆ مەبەستێکی تایبەتی کار دەکەن حیزبێك بەرێوەی دەبات هەریەکە ل ەئێمەش دەزانین ئەو رۆژنامانە چین و چ پلەیەکی لەناو رۆشنیبراندا هەیە،سەیریەکەی ئەم حکومەتەمان لەوەدایە کە ئەو پێنج بەناو ڕۆژنامەنوسەی کە لەکوردستاندا ئامازەی بۆ کراوە کە هیچیان مێژوویەکی وەها دیاریان نیە کە دەرکەوتبێتن و نوسین و دیداریان دیاربێت، جگەلەوە نەبێت لە پیاهەڵدان وزینەکردنی حیز بوو وحکومەتدا هیچی تریاننەنوسیوەبۆ خزمەتی هونەری کوردی و ئێستاش بەشانازیەوە رەسمیان گرتووەو شا بەسەپان نازانن کەچی نازانن چۆن هەڵی بگرن، ئەگەر حکومەت راست دەکات و خەڵاتی ڕێزلێنانی هونەری دەدات بە رۆژنامەنوس هەرچەندە ئەمە کاری حکومەت نیە بەڵکو کاری سەندیکایە چونکە، بەراستی رۆژنامەنوسی زۆر چالاکمان هەیە بەڵام لەبرە ئەوەی کە لەرۆژنامەیەکدا کاردەکەن و حیزبی نین،ئەوکاتەی کەحکومەتی عێراقی سەدام حسێن لەسەر حکوم بوو ئەویش هەمان هەڵوێستی هەبوو خەڵاتی رێز لێنانی دەدایە ئەوانەی کە خزم و ناسیاوی و ئەو! انەی کە باشان و باڵایاندا هەڵیانداوە، لێرەدا ئەمەوێت لۆژیکیانە قسەبکەم و ئەو ناحەقیەی کە لە رۆژنامە نوسەکانیانکرد، حکومەت ئەوەندەی تر ناشرین بو لەلای رۆژنامەنوسان، ئەو هەموو کەسە چالاکانەی کە لەبواری رۆژنامەوانیدا کاریان کردوە و بەتایبەتیش بواری هونەریدا کەواتە هیچیان نەکردووە تەنها ئەم کەسانەی کە دوودێریان نەنوسیوە خەڵات کران، دەبوو حکومەت بەو هەڵە گەورەیەداتێپەر نەبووایە کە ئەو رۆژنامەنوسانەی کە لە دەزگا حیزبیەکاندا کاردەکەن و هەمووشیان سەر بەحیزبێکی باڵادەستن و کار بۆ جوانکردنی حیزبەکە دەکەن هەرئەوانەش خەڵات کران ئەمەوێت حکومەت بەچاوێکی حیزبییەوە نا بەڵکو بەچاوێکی هونەریانەوە بروانێتە دنیای هونەرو سەرێك هەڵبرێت بزانی کی حەقەو کی ناحەقە کاکە خۆئەمە ئەوەنیە ئێمە هەڵبخەڵەتێنن

بڵێن ئەوانە بەهەڵسەنگاندی بابەتەکانیان بووە، لێرەوە بۆ مان دەردەکەوێت کە حکومەت یەك بەت! ایبەتی هەڵکەوت زاهیریش کە راوێژکاری هونەری حکومەتی هەرێمی کوردستانە یەك زەرە لە فەن وهونەر نازانن بەراستی جگەل لەکایە سیاسیەکەی خۆیان هیچ کایەیەکی هونەری نازانن، رەنگە ئەمە سیاسەتێکی تر بێت بۆ رووخاند ن وشکاندنی رۆژنامەنوسەکان ئەوانەی کە لەوبوارەدا زۆر تر کار دەکەن، دەبو لەو نێوەندادا ناوی یەك دوو کەسی تێدابووایە کە ئێستا رۆژنامەکەیان تەرخان کردووە بۆ ئەو بوارە ئەو کەسانەی کە خەڵات کراون رەنگە تەنها یەك لاپەرە ی رۆژنامەکە ببەن بەرێوە ئەویش بەهاوکاری چەندین کەسی تر کە زۆر لەو زیاتر کاردەکەن کەچی هەر ناوی ئەوانە لە پێشەنگدایە چونکە کەسێکی چالاکن لەبواری حیزبیدا بۆیە خەڵات دەکرێت، هەروەها بۆ نمونە لەناو ئەو برادەرانەدا، کەسێکی تیایە کە بەرێزی لاپەرەیەکی هونەریش بەرێوەنابەن و رەنگەلاپەرەیەکیش بەرێوەبەرێت ئەو لاپەرەیەش نیوەی لاپەرەکەی تەرخان کراوە بۆ ریکلام بۆ کۆمپانیاکان و... هتد، نامەوێت زۆر بچمە ووردەکاریەوەچونەکە ئەگەر بروانینە رۆژنامەیەکی وەکو رۆژنامەی (هارمۆنی،ئەو رۆژنامە ئەهلیان! ەی کە پاشکۆی هونەریان هەیە و هەروەها ئەو گۆڤارانەی کە تایبەتن بەبواری هونەری بۆ نمونە گۆچاری شاکارو.... هتد) رەنگە ئێستا زۆرێك لەناوەکانی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەم لەبیر نەبێت،کە ئەتوانم بڵێم زۆر لایەنی هونەری بەسەر دەکەنەوە و ئەوانە زۆر لەوە گەورەترن حەقە هەموو ساڵێك خەڵاتی رێز لێنانیان پی بدرێت، ئەتوانم بڵێم زۆر سەرکەوتوترە لەرۆژنامە حیزبیەکان و ئەو کەسانەش کەخەڵاتیان وەرگرتوەو لەرۆژنامەیەکی حیزبیدا کار دەکەن، بەراستی ئەو رۆژنامانەیکە لە بواری هونەریشدا کاردەکەن، بەداخەوەم بۆیان کەسانێکی زۆر بەتوانا کاری تیادەکەن، کە چی هیچ ئاماژە بەوە نەکراوە دەبوو حکومەت دراسەی ئەو شتەی بکردایە بۆنمونە دەڵێت ئەوکەسانە کە دەستنیشان کراون بەپێی هەڵسەنگاندنی کارەکانیانە کە من دڵنیام یەك دێریان نەخوێندۆتەوە تا کارە جوانەکانیان هەڵسەنگێنن، بەە! ەرحاڵ ئەو کەسانە زۆر حەزیان بەوتەکەتولاتە هەیە کە لەسەر ئەوئەساسە بیچت باڵا دەست و پشتی بەرامبەرو هاوپیشەکەی بشکێنی، بەراستی زۆر رۆژنامەنوسی بەتوانامان هەیە کە حەزناکەم ناویان بهێنم چونکە ئەوانە پیویست بەوەناکات کە من وەێفیان بکەم چونکە هەموو کەس دەزانی و دیارن لەناو خەکیدا کی ئیش دەکات وکی ئیش دەکات دەستان خۆش بێت ئەی حکومەتی فاشیل هیوادداارم هەر ئاواش پۆستەکانی حکومەت و وەزارەتەکان تەشخیس بکەن بۆ ئەوەی چارەنوسی گەلی کورد بەرو ناخی ئەرزا بەرن و ئیدی میللەتیش چاوی بەچاوتان نەکوێت هەموو وەزیرەکانیشتان لەناو پەرلەماندا بەخەون بەڵکو خەو بەئایندەی کوردەوەببینن کە چۆن گەنجەکانمان هەموویان پشتان تێدەکەن و رسوا دەبن حەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەسانەی کە هەمیشە مەکینەی ماستاوەکان بەدەستیانەوەیە و خۆ بردنەوپیشەوەیان، بەهەرحاڵ بەداخەوەم بۆ ئەو پێنج بەناورۆژنامەنوسەی کە! ئەو ئاستەیان نەبوو کە حکومەت ئاوا بەشان وباڵایاندا هەڵبدات و گرنگیەکی ئەو تۆیان پێبدات بێگومان دەبو هەر لەبەر شەخسیەتی خۆی یەك دوو رۆژنامەی ئەهلیشی تیا بوایە لەبەر ئەوەی سبەی خەجاڵەتی لای ڕۆژنامەنوسان نەبێت و ئەو دەستورەی یەدامیشتان فریدایە ئەوسا کە هەرکەس نزیك بوایەلەسەدام حسێن بۆخۆی زوو زو خەڵا تی رێزلێنانی بێدەبەخشین لەکۆتایتا مەوەتەوە بڵێم حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهەڵدا چوو ئەو پێنج رۆژنامەنوسەی خەڵات کرد لەپێناوی هیچدا... ؟؟؟!!!!!!